# عێراق: دەژین بە سیاسەت

بە شێوەیەکی زۆر سادە و"مەکرو" ئەم وتارە باسی ئەم خاڵانە دەکەت: دەژین بە سیاسەت مانای چییە؟ بەرهەم و تایبەتمەندیەکانی ئەو کەسانەی کە دەژین بە سیاسەت چییە؟ چ شێوەیەکی ئەم ژیانە دەسەڵاتدارە؟ ئیش و کاری ئەم شێوەی ژیانی سیاسی چییە و کێ خاوەنی ئەم جۆر ژیانە؟ سیاسەت چییە؟ چەند پرسیار وخاڵی گرنگ بو عێراق، وشەیەکی کورت لە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەنقەرە، قەندیل و ئەنجامی ئەم وتارە.

ئەم بابەتە بابەتێکی زۆر فرە و قووڵە. هەر کۆمەڵگایەک لە زەماندا تایبەتمەندیەکانی تایبەتی خۆی هەیە کە بە چ شێوەیەک وچۆن چینی دەسەڵاتدار بە سیاسەت دەژیت. لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگا بە شێوەکانی جیاوازی ئابوری، پیشەسازی، گواستنەوە،...هتد، لە هەموو بوارەکان کار و ئیشی نوێ و تازە پەیدا و دروست دەبێت. = گۆڕانکاری و
structure ی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی ' ئەستونی' و ئاسۆیی دەگۆڕێت.
ماکس وێبر ئابوورناس و کۆمەڵناسی ئەڵمانی باسی دوو ڕێگای سیاسەتکردن دەکات: - بە سیاسەتەوە دەژین وەک هەرئیش و کارێکی تر وەک مامۆستا، پزیشک...هتد - یان بۆ سیاسەت دەژین و ئەو دەیکەنە ئامانجی ژیانی خۆیان. ئەم جیاوازییە بە گوێرەی خاڵەکانی داراییە. بۆ ماکس وێبر، ڕۆژنامەنووس، ئەندامی حزبی، کارکردن لە ئیدارەی دەوڵەت و حزبی...هتد، دەژین بە سیاسەت کردنە.  پاش باس کردنی وێبر لە سەر ئەم بابەتە زۆر شەت هاتووتە نووسین. کونسێپتی 'دەژین بە سیاسەت' وەک کونسێپتەکانی تر گۆڕانکاری خۆی بینیوە لە زەمان و مەکاندا و خاوەنی سنوورەکی لێڵ، نادیار و ناسکە؛ ئەمەش بەپێی ئیش و کاری جۆراوجۆر و سەرچاوەی داهاتی جیاواز. لە ناو کۆمەڵگای پێشکەوتوو یان دواکەوتوودا، ئەم بابەتە خاوەنی جیاوازی، تایبەتمەندیەکان وهوکارەکانی هاوبەشی خۆیە.

لێرەدا دەبێت لە خۆمان بپرسین سیاسەت چییە؟ دەتوانی بە چەند شێوەیەک باسی ئەوە بکەیت کە سیاسەت چییە وەک: سیاسەت دەکرێت وەک زانستێک ببینرێت، کە سەرچاوەی تاووتوێکردن و مشتومڕە. زانستێک کە دەتوانرێ باشترین چارەسەر یان بیرۆکە بۆ دادپەروەری، ئابوری، کۆمەڵایەتی، ئەمنی، تەندروستی، پەروەردەی، دارایی، کەلتووری و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا... هتد، بدۆزرێتەوە. یان دەتوانی سیاسەت ببینی وەک ئامرازێکی هێز و/ یان دەسەڵات کە لە بەردەستی دەوڵەتدایە و وەک ماکس وێبر دڵێت بۆ جێبەجێکردنی توندوتیژی یاسایی لەسەر تاکەکەس و جەماوەرە.
چەند خاڵ و پرسیاری گرنگ بو عێراق، هوشیار بارزانی گووت:" دەتوانی مێژووی عێراق دابەش بکەیت بۆ چەند بەشێک کە تا پێش ڕوخانی ڕژێمی دڕندەی سەدام چینی سیاسی و دینی چۆن ژیاوە بە سیاسەت؟ ئیڤولوسیونیزمی ئەم بابەتە چۆن بوویە؟ ئایا خاوەنی ئیڤولوسیونیزمەکی باش بوویە؟ یان بابەتەک بوویە کە جەماوەر و کۆمەڵگا هەر ئاگادار نەبوویە؟ بۆ؟ چونکە تا ڕوخانی ڕژێمی دڕندەی بەعسی دروشم، ئیش وکاری جیاواز وەک: شەری جۆراوجۆری داخلی و خارجی، دیکتاتۆریەت، تائیفییەت، ناسیۆنالیزم و ئایدیۆلۆجیای جیاواز و ئاستی نزمی گشتی (وچینی سیاسی) بە شێوازی جیاوازی ئابوری، کۆمەڵایەتی، دینی، سیاسی، پەروەردە، سایکۆلۆجی،...هتد، دەسەڵاتدار بوون. لێ سەدام وبنەماڵەکەی، کەسوکاریان، ئەندامەکانی حزبی بەعس،...هتد، بە چ شێوەیەک و چۆن ژیاون وتایبەتمەندیەکانی ئەم ژیانە چی بوونە؟ بێگومان هۆکارەکانی هاوبەشی دەژین بە سیاسەت پێش و دوای 2003 زیاترن لە جیاوازیەکان.  دوای ڕووخانی سەدام نە بەس چینی سیاسی بەڵام ئایینیش (چینی ئایینی سەرهەلدا و بە هێز کەوت بە تایبەتی لە ناو عەرەبی شیعە و سوننەدا)، لە عێراقدا باسی کونسێپتەکانی تازە و نوێ دەکات (ئەوەش بە شێوەیەکی زۆر سەتحی، گاڵتە و ساختەچێتی = ئەم دۆخەی جیاوازی ئێستای عێراق) وەک: عێراقی تازە، دیموکراسی، چینی سیاسی و دینی نوێ عەرەبی عێراقی، مافی مرۆڤ، دەستووری تازە، عێراقی فیدراڵ،...هتد.

چینی سیاسی کوردی پێش دروستکردنی ناوچەی ئەمنی بە شێوەیەکی تایبەت دەژی بە سیاسەت(وەک هەر ئەکتەری غەیری دەولی کە تایبەتمەندیەکانی تایبەتی خۆیان هەیە لە مەکاندا)، بەڵام پاش پەیدابوونی ناوچەی ئەمنی و 'پەرلەمانی' کوردی پرۆسەی 'پرۆفیشناڵکردنی' دەژین بە سیاسەت بە شێوازەکی تایبەتی خۆی لە کوردستانا عێراقە پەیدا بو. دەژین بە سیاسەت نە بەس لە کوردستان بەڵام لە هەموو عێراقدا مانای تایبەتی خۆی هەیە: کێ پارە زیاتر دەدزێت و خۆی بە هێزتر دەکەت، نەبوونی بەرژەوەندی گشتی، بازرگانی کردنی جیاواز بە: کۆمەڵگا، ئەکتەری تاکە کەس، ئەندامی حزبی، هێزەکانی ئەمنی و کەرەستەی سروشتی؛ بەکارهێنانی دروشمی جیاواز بۆ دزی و گەندەڵی تایبەت، شەری جیاواز لە سەر پلە و پۆست، پەیدا کردنی شەرعییەتەکی یاسایی بۆ دەوڵەمەند کردنی خۆیان، بەردەوام بۆونی حەیوان کردنی کۆمەڵگا و پەیدا کردنی ترس،1 ویژدان لە ئاستێکی زۆر نزمدا بمێنێتەوە، خزمەت کردنی ئەکتەری دەولي خارجی...هتد. = سیاسەت کردن ودەژین بە سیاسەتەوە لە هەموو عێراقدا و بارودۆخی ئێستای عێراق ئەمە زۆر بە هێز ئیسبات دەکەت. ئەم شێوەی دەژین بە سیاسەتەوە داخلی هەموو دامودەزگاکان، ئیدارە و "موئەسەساتی" حزبی / حکوومی(میلیشیای)، جیاوازی ئابوری، تەندروستی، پەروەردە، ئەمنی، دینی، بازرگانی، ڕێگاوبان، کۆمەڵایەتی، میدیای،...هتد، بوویە.
لەم حاڵەتەدا بەرهەم و ئەنجامەکانی ئەم بەرپرسانە و کەسایەتیەکی ناسراو چ حزبی و غەیری حزبی، کە دەژین بە سیاسەت، خۆیان هاوار دەکەن لە ناو هەموو کۆمەڵگادا بە شێوازەکانی جیاواز. مۆدێلی ژیانی داگیر کردن(شار، گوند، سایکۆلۆجی جەماوەری،هێزەکانی ئەمنی ،زەوی...هتد)، و کۆکردنەوەی مادە بە شێوەیەکی پیس دەسەڵاتدارە لە سەرمۆدێلی ژیانی Etre.

بەرپرسەکانی مەرکەزی حزبی، ئەنجومەنی 'باڵای'سەرکردایەتی، ئەندامی 'مەکتەب سیاسی'، سکرتێری حزبی، وە زیر و گوزیر، سەرۆك کۆمار، سەرۆک وەزیر، پەرلەمانتار، مەلای سیاسی و دینی دەسەڵاتدار،...هتد، هەموو حزبەکان چۆن و بە چ شێوەیەکی زۆر پیس، خراپ بەڵام بە شارەزای و پرۆفیشناڵ دەژین بە سیاسەتەوە و چۆن لەژێر پەردەی سیاسەتکردنەوە ئەم بەرپرسانە زۆر بە خێرایی و بە ئاسانی دەوڵەمەند دەبن ( کە خاوەنی ئیمتیازاتی جۆراوجۆرن و زۆریان ئەوندە دەولەمەند بوونە کە تا ١٠٠ ساڵ دەتوانن بژین بە بێ کار کردن، چۆن بوویتە خاوەنی چەندین ڤێلا، پرۆژە و خانووی گەورە؟). وپاش ئەوە بەس دوو شت بوویان زۆر گرنگە: بەردەوام بوونی دەوڵەمەند کردنی خۆیان و حەیوان کردنی

کۆمەڵگا بە شێوەیەکی گشتی کە ئاگاداری خۆی نییە. بە هیچ شێوەیەک نابێت وباش نییە جەماوەری عێراق چ سوننە، شیعە و کورد داخلی ململانێ حزبەکان بێت.
کاریگەری ئەم شێوەی دەژین بە سیاسەتەوە لە سەر ژیانی ئەم بەرپرسانە بە شێوەکانی ئایینی، کۆمەڵایەتی، رەفتار، کردار، کار کردن و بە تایبەتی سایکۆلۆجی چۆنە؟ بێگومان کاریگەریەکی زۆر خراپ، پیس و نێگەتیڤە. فلان کەسی مەکتەب سیاسی شەرم دەکەت بچێتە مزگەوت بۆ سەرەخۆشی کردن، چونکە پاسەوانەکانی لەگەڵی نەبوون، بو ئەم بەرپرسانە یەک یان دوو ملیۆن دۆلار وەک یەک دینار و دۆلارەکە. کەسوکاری ئەم بەرپرسانە زۆربەیان بوونە بە حەمێ گوێزێ؛ حەمێ گوێزێ بچووک، گەورە، ڕەنگاوڕەنگ و بۆیان گرنگ نییە چەند هەزارهاووڵاتی بوونەتە قوربانی مین، چەند هەزار هاوڵاتی کۆچیان کردوە، نەبوونی ئاو، کارەبا، مووچە، حەیوان کردنی کۆمەڵگا ونەبوونی ئاسایش و ئەمنیەتی جیاواز...هتد. ئایا ئەم بەرپرسانە دەتوانن بژین بەس یەک مانگ بەبێ ئیش وکاری تایبەتی خۆیان کە "دەژین بە سیاسەتە"؟ نە.
هەتا سەرۆکی زانکۆ(زانکۆی میلیشیای)، شوفێری تایبەت و خاوەنی ئۆتۆمۆبیل و بەنزینی حکومییە،...هتد. بۆ فلان کەس؟ ئایا ئەوندە گرنگی کە خاوەنی ئەم هەموو ئیمتیازاتانە بێ؟ نە = بە هێز کردنی ئەم کلتوری دزی و کۆکردنەوەی مادە کە بە شێوەیەکی زۆر پیس و قووڵی ئەستونی و ئاسۆیی داخلی کۆمەڵگا بوویە. نە بەس بەرپرسەکانی مەرکەزی حزبی بەڵام زۆر کەس دەژیت بە سیاسەتەوە بە ئەنقەست و ئەوە بۆ بەردەوام بوونی ئەم بارودۆخی زۆر نالەبار، ئالوز و خراپە.
وەک نمونە دەتوانین باسی فلان ڕۆژنامەنووس لە هەلەبجە بکەین کە جاران زۆر رەخنەگر بۆ لە دەسەڵات بەڵام پاش ئەوەی کە بۆ بە خاوەنی پلە وپۆست و شوفێری تایبەتی خۆی هیچ دەنگی نەماوە. ئایا جیاوازیەک هەیە لەنێوان پارتی، یەکێتی، گۆران وئیسلامیەکانی کوردی...هتد، کە هەموویان بە شێوەیەکی زۆر پیس، خراپ، فێڵباز و دوو ڕووی دەژین بە سیاسەت؟ بەس بە شێوەیەکی سەتحی، ساختەچێتی وفێڵبازی ڕەنگاوڕەنگ، بەڵامPas dans le fond."

هوشیار بارزانی گووت:"هەست پێکردن بە گۆرانکاری بنەرەتی رۆژ بو رۆژ گەورەترە (پێویستیەکی بەپەلە هەیە بۆ جێبەجێکردنی ئەم گۆرانکاریە بنەرەتی)، و لە هەمان کاتدا نارەزایی هەتا لەناو جەرگی میلیشیاتی حزبیش (بە هیچ شێوەیەک کاتیان نەماوە)، رۆژ بو رۆژ زیاترە. ئەم گۆرانکاریە خەون وخەیاڵ نییە بەڵام پێویستی بە چوارچێوە و رێکخستنەکی باش هەیە لە ناو هەر شار و گوندێکدا و بە هیچ شێوەیەک پارە نابێت ببێت بە ئاستەنگ. ئەم پرۆسەیە پێویستە خێراتر بکرێت. ئەمە خارجی بینین، بۆچوون، فکر وهێزر کردنەکی کلاسیکیە. وەرە، بە سەری ئێوە چارەیەکیترتان نییە. چۆن و بە چ شێوەیەک٩٥%دی کۆمەڵگا کە گۆرانی ریشەیی دەوێت، دەتوانێت ئەم گۆرانکاریە دروست بکەت: بە عەقڵی کلاسیکی جیاوازی حزبی، ئیسلامی، وەزیر و گوزیر، ئایدیۆلۆژیا، دیوان و مەجلیس گەرم کردنەکی تایبەت، کۆبوونەوە، کۆنگرە یان کەسایەتیەکی ناسراو،...هتد.=ویژدانەکی زۆر نزم و عەقڵیەتەکی نەزان. بۆهەندێک جار قسە کردن لە گەڵ فلان کەس بە زەحمەتە؟
ئەم بەرپرسانە گەشت وسەفەری دەرەوە دەکەن بۆ ' ئیش و کاری' حزبی و حکومی،...هتد، و دەڵێن ئێمە چاوپێکەوتن و کۆبوونەوەمان هەبوو لەگەڵ بەرپرسەکانی گەورەی فلان دەولەت. چاوپێکەوتن و کۆبوونەوەی چی بێ شەخسییەت؟ چ: سەرۆکی زانکۆ، سەرۆک کۆمار، سەرۆک وەزیر، پەرلەمانتار یان وەزیر و گوزیر...هتد، بی باش ئاگاداربە: بە بۆینباخ و چاکەتی گرانبەها دوو سێ قسەی هیچویۆچ دەکەی و پاشان هەمووی خۆشگوزەرانی جیاوازە: بەفیرۆدانی پارەی گشتی، هۆتێلی پێنج ئەستێرە، کرینی شت وریستورانتی گران بەها...هتد."

چەند خاڵی هاوبەش و تایبەتمەندیەکانی ئەم پرۆسەی دەژین بە سیاسەتەوە لە هەموو عێراقدا: هوشیار بارزانی گووت:"
بەرژەوەندی شەخسی لەپێش هەموو شتێکی تردایە، زۆربەیان سەربەخۆ نین بە شێوەیەکی ئابوری؛ پلە و پۆستیان = ئامرازێکە بۆ بەدەستهێنانی سەرچاوەی داهاتی جیاواز و گەندەڵی قووڵ = ئەمە دەبێتە سەبەبی پەیدا کردنی پلوتۆکراسی:ploutocratie وەک ئێستا لە هەموو عێراقدا.
لەنێوانیاندا شەڕێکی پیس هەیە لە سەر پلە و پۆست، بۆ بەرپرسەکانی مەرکەزی حزبی پرۆسەی جیاوازی هەڵبژاردن، کۆبوونەوە، پەرلەمان، کۆنگرە،...هتد، هیچ کاریگەری لە سەر ئیمپراتۆریەتی مادی ئەم بەرپرسانە نییە، بۆ؟ چونکە خارج و دەرەوەی هەموو جۆر یاسایەکن، کەسوکاری ئەم بەرپرسانەش بە شێوەکانی جیاواز و زۆر بە ئاسوودەیی دەژین بە سیاسەتەوە، و زۆربەیان بەبێ ئەوەی کە هیچ ئیش و کارەک بکەن. هەر چەند ئەم بەرپرسانە 'یانancienneté'زیاتر بێت، دەتوانین بڵێین زۆربەیان ئەوندە زیاتر دەوڵەمەندترن. ئەکتەری دەولی خارجی کە زۆر باش یارمەتی ئەم پرۆسەی دەژین بە سیاسەتەوە دەکەت. عەقڵیەت، کردار، رەفتار، ئیش و کاری ئەم شێوەی دەژین بە سیاسەتەوە = تەقلیدی و نەزان، نەبوونی بەرژەوەندی عام، ئاستەکی ویژدانی زۆر نزم کە بە هیچ شێوەیەک لە '٣٠د' خارج نەبوویە و خۆپەرستیەکی بێ سنوور. زۆربەی ئەم بەرپرسانە و کەسوکاریان نازانن قەیران چییە، قەیرانی جیاوازی ئابوری، دارایی، ئەمنی، سایکۆلۆجی،...هتد. دەولەمەند بوونی ئەم بەرپرسانە بە شیوەکانی جیاوازی مادیە وەک: دامەزراندنی کەسوکاریان بۆ پلە و پۆستی سەرەکی؛ دزی جۆراوجۆر(غاز، نەوت، ئاو، شوقە، خانوو و زەوی،...هتد)، بازرگانی کردن بە کۆمەڵگا، ئەندامی حزبی، هێزی ئەمنی؛ وەبەرهێنانی جیاواز لە دەرەوەی وڵات، عادەت کردنەکی پیس بەم شێوەی ژیان...هتد.

دوای ڕوخانی سەدام چینی سیاسی و دینی تازە و نوێ عەرەبی سوننە و شیعە پەیدا بوون کە زۆربەیان دەوڵەمەند نەبوون (چەندیان بە پارەی سۆشیال دەژین (وەک ئەو بەرپرسەکانی کورد کە لە ئەوروپا بوون)، چەندیان لە ژێر پاراستنی ئەکتەری دەولی خارجی دابوون، کێ ملیۆنێر بوو و پێویستی بە پارەی پلە و پۆستی خۆیان نەبوو،...هتد)، و ئێستا چۆن و بە چ شێوەیەکی بێ سنوور و چاک دەژین بە سیاسەت. ئەم دۆخەی ئێستای جەماوەری عەرەبی سوننە و شیعە(بە شێوەیەکی تائیفی بۆت دەنووسم کە باسی سوننە و شیعە دەکەم فلان کەس)، چی بو هەموومان ئێسبات دەکەت؟ گرنگ نییە چی بە سەر جەماوەری عەرەبی سوننە و شیعە دێت بە شێوەکانی جیاواز = بارودۆخی زۆر خراپ و نالەباری کۆمەڵگای عەرەبی سوننە و شیعە، خزمەت کردنی ئەکتەری دەولی خارجی، تالانکردنی جیاوازی سەروەت و سامانی عێراق، تێکدانی فەزای گشتی، میلیشیا کردنی شار، گوند، دزی و گەندەڵی بێ سنوور، کوشتنی ڕۆژنامەنووس، چالاکوان و سەدان خۆپیشاندەران،...هتد.= لە هەر حاڵەتێکدا پێویستە ئەم شێوازی ژیانی چینی سیاسی و دینی عێراقی بپارێزین کە دەژین بە سیاسەتە. لە سەر ئەم بابەتە چینی دەسەڵاتداری سیاسی و دینی عەرەبی سوننە و شیعە خاوەنی تایبەتمەندیەکانی خۆیە وهیچ جیاوازیەکی بنەرەتی لەنێوانیاندا نییە. دەتوانین بڵێین زۆربەیان ئامادەنین واز بهێنن لەم شێوەی دەژین بە سیاسەتەوە، چونکە باش فێر بوونە: چۆن زۆر بە خێرایی دەوڵەمەند و خاوەنی ئیمتیازاتی جیاواز بن، چۆن و بە چ شێوەیەک ئەم دۆخە بپارێزین، چۆن گاڵتە و یاری زۆر خراپ بە جەماوەری سوننە و شیعە بکەن،...هتد. کاریگەری ئەم شێوەی دەژین بە سیاسەتەوە لە سەر ژیانی ئەم

بەرپرسانە بە شێوەکانی کۆمەڵایەتی، ئایینی، کردار، رەفتار، ئیش و کار کردن و بە تایبەتی سایکۆلۆجی چۆنە.؟ بێگومان کاریگەریەکی زۆر خراپ، پیس ونێگەتیڤە."
نووری مالکی، خەمیس خەنجەر، محەمەد حەلبوسی، موقتەدا سەدر،عەللاوی، هادی عامری، حەیدەری، قەیس خزعەلی، فالح فەیاز، حەکیم، حزبوڵلا، پەرلەمانتار، مەلای سیاسی و دینی، عەبدولمەهدی، جەعفەری، کازمی،...هتد، ئێوە و کەسوکارتان چۆن بە شێوەیەکی شارەزا و رێکوپێک دەژین بە سیاسەت و ڕۆژ بە ڕۆژ دەلەمەندتر دەبن لەژێر دروشمی جیاوازدا. پیرۆزتان بێت.
مەسیحییەکانیش قوربانی ئەم شێوازەی دەژین بە سیاسەتن لە سەرانسەری عێراقدا.
هوشیار بارزانی گووت:"پاش پەیدا بوونی کونسێپتی نەتەوە-دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چەند شت دروست بوون کە پاش ١٠٠ ساڵ هەر مانەتەوە وەک: زۆربەی ئەم وڵاتانە لە لایەن بنەماڵەک، کەسێک، رژێمی پاشایەتی، ئایدیۆلۆژیا، ترس و توندوتیژی، ئایین و سوپا،...هتد، بەرێوەدەچن. %دی ئەم خاڵانە وەکو یەک نییە لە زەمان و مەکاندا، بەڵام چەند خاڵی سابت بوونە لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا. لێکۆڵینەوەیەکی زۆر بچووک ومێژووی لە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئێسباتی ئەم خاڵانەی سەرەوە دەکەن. جەماوەرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستە ئەم پرسیارانە لە خۆتان بکەن: چینی سیاسی و ئایینی دەسەڵاتدار چۆن ژیاوە لەم سەد ساڵی رابردوودا؟ چۆن و بە چ شێوەیەک دەژین بە سیاسەتەوە. بەرهەم و تایبەتمەندیەکانی ئەم چینی دەسەڵاتدار چێنە؟...هتد.
چینی سیاسی تورکیا لەم سەد ساڵی رابردوودا چۆن ژیاوە بە سیاسەت و تایبەتمەندیەکانی؟ دەتوانی مێژووی تورکیا بە چەند کات دابەش بەکەی لە سەر ئەم بابەتە و کاریگری ئەوە لە سەر بەرێوەبردن چی بوویە؟ دەژین بە سیاسەت لە تورکیا بە شێوەیەکی زۆر بە هێز لە ژێر کۆنترۆڵی ئایدیۆلۆژیا دایە کە رۆڵێکی خراپ دەبینێت لە بەردەوام بوونی
توندوتیژی جیاواز و ترس لە ناو کۆمەڵگادا = Anomalie du pouvoirو بەردەوام بوونی دیموکراسیەکی سەقەت،...هتد.
کۆمەڵگای تورکی پێویستیەکی زۆر هەیە بە ویژدان وعەقڵیەتێکی نوێ حکومرانی و بەڕێوەبردن وەک هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.
هو قەندیل ئێوە چۆن دەژین بە سیاست؟ دەتوانی مێژووی ئەم بابەتەی قەندیل بە دوو، سێ کات دابەش بکەی. وەک ئەکتەری غەیری دەوڵی تایبەتمەندیەکانیانی ئێوە لە سەر ئەم بابەتە چێنە و چونن؟ دەژین بە سیاسەت بۆ ئێوە لە شاخ دا مانای چییە؟ ئەم شێوەی دژین بە سیاسەت، چ کاریگەری بە تایبەتی لە سەر سایکۆلۆجی، کردار، رەفتار، کار و ئیشی ئێوە هەیە / هەبووە. دیسان دەبێت ئەوە ڕوون بکەمەوە کە شەڕی گەرم و چەک لە بەرژەوەندی هیچ کەسێکدا نییە لە کوردستانا عێراقە نە جەماوەری تورک، نە کورد، بەس لە بەرژەوەندی چینەکی تایبەت دایە و ئامانجی=هەوڵ دانی پاراستنی مۆدێل و ئێنێرژی کۆن کە بە هیچ شێوەیەک کاتی نەماوە. هێز بەس شەڕی گەرم وچەک نییە. دوو، سێ خاڵی گرنگ هەیە کە ئەگەر بۆت بنووسم، لەوانەیە پێبکەنی، بەڵام باش ئاگادار بە کە خارجی ویژدانی '٣'د' دایە، پلان وستراتیژیەکە بۆ داهاتوویەکی درێژ بۆچەند سەد ساڵی داهاتوو. ستراتیژی درێژخایەن سابتە، بەڵام ستراتیژی کورت خایەن پێویستە بە پێی بەرژەوەندی عام بێت. هەتا بە خەیاڵ و خەونەوە ئاگاداری ئەوە نی." عەقڵی سابت و توندوتیژی بەڕێوەبردنی ئەنقەرە، لەگەڵ عەقڵی وشکی قەندیل پیرۆزتان بێت.

هوشیار بارزانی گووت:" لە کۆتاییدا هەموو عێراق پێویستە باش ئاگادار بیت کە ئەم شێوەی چینی سیاسی ودینی عێراقی 'دەژین بە سیاسەت'، کاریگەرەکی زۆر خراپ، نێگەتیڤ و زۆرپیس هەبووە و هەیە لە سەر هەموو عێراقدا بە شێوەکانی جیاواز و لە هەمان کاتدا ئەمە بووتە بە یەکێک لە پێکهاتەکانی ئاسایی و سروشتی کۆمەڵگا کە جەماوەر ئاگادار نییە. شیعە، سوننە، کورد و مەسیحی لەم حاڵەتەدا و لە کاتێکدا کە چینی سیاسی و دینی عێراقی بە شێوەیەکی گشتی بووتە بە کۆیلەی دینار و دۆلار، پلە و پۆست و خۆپەرستیەکی بێ سنوور،...هتد، کۆمەڵگای عێراق بەرەو کوێ دەڕوات؟ گۆڕینی فلان وەزیر و گوزیر، سەرۆک کۆمار، سەرۆک وەزیر و هەڵبژاردنی جیاواز،...هتد = بەردەوام بوونی گاڵتە و یاری کردنەکی پیس و شارەزا بە کۆمەڵگایە. بەبێ ویژدانەکی بەرز کە خارجی فکر وهێزر کردنە، ئەم بارودۆخی پیس، خراپ و نالەبار بۆ جەماوەر و کۆمەڵگا هەر بەردەوام دەبێت و لە هەمان کاتدا دۆخێکی زۆر باش و بەهەشتە بۆ چینی سیاسی و دینی عێراقی. مامو، شەریک، عێراق، چارە چییە؟".
بینین، بۆچوون، فکر و هێزر کردنی تۆ لە سەر بڵاوکردنەوەی ئەم وتارە چییە؟ هەر کەسێک بی، ئەگەر لە ڕووی دەروونییەوە نەخۆش نی، دەزانی کە بڵاوکردنەوەی ئەم وتارە زۆر گرنگە لە سەرانسەری عێراقدا. ئەگەر زانا و زیرەک بی، یەک دوو بابەتی باش هەیە لە ناو ئەم وتارەدا کە دەتوانی لە سەر بنووسی.

م. امین


1- https://kcdme.com/M%20Amin%2004.12.2020.pdf
https://kcdme.com/M.%20Amin%2015.03.2021.pdf
https://kcdme.com/M.%20Amin%2019.05.2021.pdf